هاونێک لەگوندی گوهەرزە کەوتەخوارەوە و خەڵکی ئەو ناوچەیە خەپشاندانیان دەستپێکرد

پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە، هاونێک لە گوندی گوهەرزە لە ئامێدی کەوتەخوارەوە کە ناوچەی شێخان هەزێکانی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان، بەهێزەوش خەڵکی گوندی گوهەرزە لە سنووری ئامێدی خەپیشاندانیان دەستپێکرد و ڕێگای سەرەکی ئامێدی و ناحیە و گوندەکانی دەوروبەریان داخست و داوا دەکەن هەرشەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانیان ڕابوەستێت.

بەهێی هاتنی سوپای تورکیا لەم چەند ڕۆژەی دوایدا بۆ پارێزگای دهۆک لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی ناوچەی دەکما و دواتر بەردووماندنی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکاران لە ناوچەکەدا سەدان خەزانی ناوچەکە ئاوارەبوون.

شایەنی ئاماژەیە، لەماوەی پێنج ڕۆژی ڕابردووەدا، هەزێکانی سەر بە سوپای تورکیا بەرەو ناوچانەکانی بالیتی و کانی ماسی و چیای مێتین و گوندەکانی برادەست لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر ڕێشتوون و لەشکرکێشیان بەردەوامە، لەکاتێکدا مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی ماوە بۆ دۆزکراوی هەرێمی کوردستان لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەمەڵ هاونشتیمانی سنووری پارێزگای سلێمانی لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بۆ بەدەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ دهۆک و خاکی هەرێمی کوردستان، کە لە میدیای فەرمی حکومەتی هەرێم باوکرایەوە دەڵێت: "قبووڵی ناکەین هیچ کەس

دەست بە یەک بست لە خاکی هەرەمی کوردستان ببات".

زانیاری زیاتر…

چەندین ساڵە سوپای تورکیا لە خاکی هەرەمی کوردستان بوونی هەیە و زیاتر لە چل بارەگای سەربازی بۆخۆی و هێزەکانی لە پارێزگای دهۆک و ناوچەکانی هەولێر دروستکردووە بە بیانوی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەکاتێکدا هەرشە فڕۆکەوانیەکانی تورکیا بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە 130 هاوڵاتی سڤیلی هەرەمی کوردستان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا و لەسەرتای ئەمساڵ بگۆڕێ فڕۆکخراوەی CPT ئەمریکی، دە هاوڵاتی مەدەنی لە هەرەمی کوردستان بۆهۆی هەرشەکانی تورکیا گیانیان لەدەستداوە کە ئەمانە تەنها ژمارەی ڕاگەیندراوەکانە، لەبەرامبەردا چەندین هاوڵاتی تری مەدەنی لە شەنگال لە ناوچەی پارێزگای نەینەوا کراونەتە ئامانج.